

# ناوەڕۆكی ڕاستەقینەی ئینجیلەكان

(بەشی دووهەم)

نوسینی: كری ڤۆلف
وەرگێرانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی
ناسری ئەمین نژاد كردوویە بە كوردی

## ٢ ـ ئینجیلەكان لە تەرازوی سەرچاوە مێژووییەكاندا
(بەسەركردنەوەیەكی سەرچاوە مێژووییەكان)

هەر بەڵگەیەكی بەنووسراوە دەتوانێ تا ڕادەیەكیش سەرچاوەیەكی مێژوویی بێت، بەو مانایەی كەموزۆر ئاوێنەی ئەو دەورانەیە كە لێی هاتۆتە دەر. ئینجیلەكانیش هەر وان، دەبێ وەك سەرچاوەیەكی گرینگی مێژوویی سەیریان بكەین. چونكا دەستمان دەگرن و چۆنیەتی ژیانی خەڵك لە سەردەمی سەرەتای مەسیحییەتمان پێ نیشان دەدەن. هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە هەرچییەكیان تێدابێ ڕاستە و لە خواروخێچی بەدورن.

بایەخی هەر بەڵگەیەكی مێژوویی بەستراوەتەوە بە ئامانجەكانی نووسەر، زانیارییەكانی نووسەر لەسەر ئەو ڕوداوانەی كە قسەیان لێوە دەكات، بە دەسپاكی و ڕاستگۆیی نووسەر لە لێكدانەوە و یەكالاكردنی ڕوداوەكان. هەروەها بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی نووسەر،چونكا پێدەچێ ئەو بەرژەوەندیە نووسەر بەرەو ئاوەژۆكردنی دیوی ڕاستەقینەی ڕوداوەكان ڕاكێشێ.

نووسەری وا هەن كە خۆیان و بەرهەمەكانی تریشیان ناسراون، هەڵسەنگاندنی ئەم نووسەرانە بەوپێوانەیەی كە پێشتر باسمان كرد، گەلێك ئاسانترە لەو نووسەرانەی خۆیان و



شوینەوارەكانی‌تریان نەناسراو بن. جا بۆیە بەناچار هەر بەو بەرهەمەوە دەناسرێن كە لەبەر دەستدایە. ئەمەش كاریكی ئاسان نیە. سەرچاوەیەكی مێژوویی بەجۆرێک بەستراوەتەوە بەو بابەتانەی كە لە هەموو لایەكەوە لە بەرامبەریدا دێنە گۆڕێ. واتە ئەو سەرچاوەیە لە گەڵ سەرچاوەی‌تر كە هاوكات لایان لە ڕوداوێك كردبێتەوە، پێكرا بەراورد دەكرێ. لەوانەیە ئەو سەرچاوەیە سەرچاوە مێژووییەكانی‌دیكە ڕاست بكاتەوە كە لێیان دەكۆڵدرێتەوە. جاری واشە بە پێچەوانەكەی ڕوو دەدات. تەنانەت جاری وایە بە یارمەتی سەرچاوەیەكی ناوداری پێشوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەم سەرچاوە مێژووییە نوێترە جێگای بڕوا و متمانە نییە. لە هەر حاڵدا دەبێ ئەوە بزانین كە لێدانەوەی ڕەخنەگرانەی سەرچاوە مێژووییەكان هەمیشە كارێكی هاسان نیە، شتێكی زور هەستیارە و لە بابەت لێكۆڵینەوە مێژوویەكانیشەوە گەلێك گرینگ و پر بایەخە.

ئێستا با هەوڵبدەین بەپێی هەندێک لەم پێودانگانە بچینە پێشەوە و ئینجیلەكان لێكبدەینەوە بزانین چییان لێ‌دەدەچێ.

## دەربڕینی دژبەیەک و جیاوازییەكانی نێوان ئینجیلەكان

ناكۆكی و جیاوازییەكی یەكجار زۆر لە نێوان ئەو چوار ئینجیلە و تەنانەت لە دەقی دانە دانەیاندا هەیە. هەر یەك لەو چوارە بە كەیفی خۆی و بە شێوەی تایبەت بە خۆی ئاوڕی لە ڕوداوەكان داوەتەوە و هەر كامیان سەربردەی وای گێڕاوەتەوە كە لەوانی دیكەدا نیە. زانا ئاینییەكانیش بە ناچار دان بەم جیاوازییانەدا دەنێن. لە بەراوردكردنێكی دەقی ئینجیلەكاندا دەگەینە ئەم ئەنجامەی كە :

- لە سەدا پەنجاودووی بابەتەكانی ئینجیلی ناسراو بە "مەتتا" لەوانی تریشدا هەیە، بەڵام باقیەكەی واتە لە سەدا چلوهەشتی ئەم ئینجیلە هەر شتێكی تایبەت بە خۆیە و لەوانی دیكەدا نیە.

- حەوت لە سەدی ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس لە گەڵ زانیارییە باسکراوەکانی ناو ئینجیلەکانی‌تردا یەك ناگرێتەوە. ئەم رادەیە لە ئینجیلی ناسراو بە لۆقادا دەگاتە پەنجاوهەشت لەسەد.
- ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا بە گشتی جیاوازییەکی یەکجار زۆری لە گەڵ ئینجیلەکانی‌تردا هەیە و تەنیا لە سەدا هەشتی زانیاری و باسەکانی لە گەڵ ئەوانی‌دیکەدا یەك دەگرێتەوە.
- هەروەها لە نێوان سێ ئینجیلی بەرایی و ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا ناکۆکییەکی قوڵ و ئاشکرا دەبیندرێ. پیاوە ئاینییەکان زۆر لە مێژە هەستیان بەم جیاوازی و ناکۆکییانە کردووە، هەر بۆیە بەو سێ ئینجیلەی یەکەم دەڵێن ئینجیلی لە دووی یەك، یان لە یەك‌چووەکان. بەڵام هەر لەم سێ ئینجیلەشدا (مەتتا، مەرقۆس و لوقا) دژایەتی و ناکۆکیی وەهایان تێدایە کە بە راستی جێگای سەرسوڕمانە.

بنیچەی عیسا لە ئینجیلەکانی ناسراو بە مەتتا و لوقا نمونەیەکی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەن.

هەموو جزم و بەشەکانی «پەیمانی کۆن» ڕەپوراست باسی ئەوە دەکەن کە مەسیحی رزگاریدەر لە بنەماڵەی داودشاە و سەر هەڵدەدا. ڕێڕەوانی عیسا هەوڵیانداوە ئەمە بسەلمێنن کە بێ‌شك عیسا هەر ئەو مەسیحەیە کە لە پەیمانی کۆندا ناوی هاتووە. هەر بۆیە لە داوود بەملاوە پێوشوێنی رەگەزنامەی عیسایان گرتووە. بەڵام مەتتا لە داوودیش تێدەپەڕێ و رەچەڵکی عیسا بۆ «برایم» دەگەڕێنێتەوە. لۆقاش هەنگاوێك واوەتر چووە و بە حەزرەتی ئادەمی بەستۆتەوە. ئەمەش بشێوییەکی ناوەتەوە کە ئێستا باسی دەکەین.

قسەکانی لۆقا و مەتتا سەبارەت بە باوکی عیسا یەك دەگرنەوە. بەقسەی ئەوان «یۆسفی دارتاش» لە تەمەنی پیریدا لە گەڵ مریەمی سك پڕ بە فووی رۆحی پیرۆز زەماوەندی کرد. ئێستا پرسیار ئەوەیە، باشە ئەگەر باوکی راستەقینەی عیسا نەك یۆسفی دارتاش بەڵکو رۆحی‌پیرۆز بووبێ، ئەی بۆچی لە رەگەزنامەکەی عیسادا ناوی



یۆسفی دارتاش وەك باوك هاتووە؟ دیارە ئەگەر یۆسفی دارتاشیش باوکی عیسا بوبێت، ئەوە ئیتر حکایەتەکەی مریەم و فووی رۆحی‌پیرۆز هەر لە بنەڕەتدا هەڵدەوەشێتەوە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش ئەگەر بە راستی یۆسفی دارتاش لەم نێوانەدا هیچ دەورێکی نەبووبێ و هەمووی لە ژێر سەری رۆحی پیرۆزەوە هەڵقولابێ، ئیتر نوسینی رەگەزنامە لە ئینجیلدا شتێکی بێ ناوەڕۆك و بێ مانایە. چونکا ئەگەر حکایەتەکە هەر ئەوە بوبێ کە باسی دەکەن، ئیتر دەبێ عیسا راستەوخۆ لە خواوە داڵبڕ بکەین و نابێ هەوڵ بدرێ و بسەلمێندرێ کە رەگەزی عیسا بۆ بنەماڵەی داوودشا دەگەڕێتەوە.

پیاوە ئاینییەکانی کلیسا بۆخۆشیان هەستیان بەم بێ‌سەرەوبەرەییە لەم رووداوەدا کردووە و هەوڵیانداوە بەجۆرێك بنلیچی بدەن. لە ئینجیلی ناسراو بە مەتتادا بەمجۆرە کۆتایی بە بەشی رەگەزنامەی عیسا دەهێنێ: «یاقوب باوکی یوسفی دەزگیرانی مریەم بوو، ئەو مریەمەی عیسای لێ بووە، کە بە مەسیح ناودەبرێ.» [ئینجیلی مەتتا بەشی یەك ئایەتی ١٦] لەم ئایەتەدا وا دەردەکەوێ کە یوسف باوکی مەسیح نییە و زڕباوکییەتی، واتە تەنیا مێردی مریەمە. باشە ئەمەش ئەگەر وا بێت، ئەی لێرەدا ناوهێنان و نوسینی رەگەزنامەیەکی دوور و درێژ بۆ یوسف چ مانایەکی هەیە؟ لەوەش سەیرتر ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان ئینجیلەکانی مەتتا و لۆقا لەسەر رەگەزنامەی عیسا دەبیندرێ. بە پێی ئینجیلی مەتتا باوەگەورەی عیسا کەسێکە بە ناوی «یاقوب»، بەڵام لە ئینجیلی لۆقادا کابرایەکە بە ناوی «هالی»[١] ئەگەر لەم رەگەزنامانەدا لە باوەگەورە بەرەوسەرتر هەڵکشێین، جیاوازییەکان پتر و زۆرتر دەبێ. ماڵە باوانی عیسا لە ئینجیلی مەتتادا بەمجۆرەیە: یوسف کوڕی یاقوب ـ کوڕی مەتان ـ کوڕی ئەلیعاز ـ کوڕی ئەلیود ـ کوڕی ئەخیم ـ کوڕی سادوق ـ کوڕی عازور و هتد. بەڵام ئینجیلی لۆقا ئاوایان ریز دەکات: یوسف کوڕی هالی ـ کوڕی مەتسات ـ کوڕی لاوی ـ کوڕی مولکی ـ کوڕی یەننا ـ کوڕی یوسف ـ کوڕی مەتاتیا ـ کوڕی عاموس

---

١ - ئینجیلی لۆقا بەشی سێ ئایەتی ٢٣ (م . قازی)

و هتد. عیسا لە ئینجیلی مەتتادا بە چلودوو پشت دەگاتەوە بە برایم، بەڵام ئینجیلی لۆقا پێ لەسەر پەنجا و شەش پشت دادەگرێ. باشە دەبێ باوەڕ بە کامەیان بکەین؟ ئەگەر مەتتا راست بێ دەبێ لۆقا درۆی کردبێ، ئەگەر بێتوو گەردانەکەی لۆقا بێ خەوش بێ، دەبێ زانیارییەکانی مەتتا جوراوخێچ بن. سەیریش ئەوەیە کە هەردووکیان ئینجیلەکەیان بە کتێبێك دەزانن کە بە ئیلهامی خواوە لە کڵ هاتوتەدەر!

«ئارتور دریوز Arthur Drews» زانایەکی بە دیانەت مەسیحی و ئاڵمانییە و لە بابەت رەگەزنامەی عیسا لە ناو ئینجیلەکاندا دەڵێ: «ناکرێ بە وردی ئەم رەگەزنامانە لێکبدرێتەوە، چونکا نووسەرەکانیان لەخۆیانەوە هەڵیانبەستووە»

هەر بەمجۆرە جیاوزیی و ناکۆکییەکانی ناو ئینجیلەکان لە رەگەزنامەکەی عیساوە دەستپێدەکا و هەتا دەڕوا زۆرتر و بەرینتر دەبێ. ئەگەر بمانەوێ بە وردی باسیان بکەین دەفتەری دنیا بەشی ناکات. کەوابو لێرەدا تەنیا ئاماژە بە گرینگترینیان دەکەین.

عیسا تافی منالّی خۆی لە کوێ تێپەڕاند؟

ئینجیلی ناسراو بە مەتتا لەم بابەتەوە دەڵێ:« هەر ئەوەندەی کە هیرۆدس پاشا زانی عیسا لە دایك بووە، بڕیاریدا بیکوژێ. بەڵام فریشتەیەك هاتە خەوی یوسف و پێی‌وت، دامەنیشە لە گەڵ مریەم و منالّەکەی بەرەو میسر رابکەن. یوسف هەر بەو شەوە مریەم و منالّەکەی هەڵگرت و ڕێگای میسری گرتەبەر و تا مردنی هیرۆدس لەوێ مایەوە.» [ئینجیلی مەتتا بەشی دوو، ئایەتی ١٤و١٥] . بەڵام ئینجیلی ناسراو بە لۆقا بە پێچەوانە هیچ وشەیەکی سەبارەت بە هەڵاتن بەرو میسری تێدا نیە، هەر ئەوەندە دەڵێ کە عیسا بە بێ هیچ گیروگرفتێك لە خاکی «یەهودیا»[2]دا مایەوە.

[2] یەهودیا ناوی بەشێکە لە بەشەکانی فەلەستین لەو سەردەمە، کەوتۆتە خارووی ڕۆژهەڵاتی شاری یافاوە. (ئەم روونکردنەوەیەم لە کتێبی ئینجیل بە کوردی لاپەڕەی ٦٢١ وەرگرتووە. وەرگێڕ).



ئێستا با بزانین عیسا لە کوێ دەژیا؟ سێ ئینجیلی یەکەم دەڵێن لە «جەلیلە» دەژیا. بەڵام ئینجێلی ناسراو بە یوحەننا پێ لەسەر شاری «ئورشەلیم» دادەگرێ.

ئینجیلەکان دەگێڕنەوە، عیسا دوانزە قوتابی هەبوو، کە زوری لێ نزیك بوون. ئەمانە ناویان چی بوو؟ ناوی یانزە کەسیان لە هەموو ئینجیلەکاندا وەك یەك هاتووە. بەڵام لەسەر ناوی کەسی دوانزەهەم، ناکۆکی لە نێوان دوو ئنجیلی مەتتا و لۆقادا هەیە. ئینجیلی مەتتا دەڵێ نەفەری دوانزەهەم ناوی «تەدی» بووە، بەڵام ئینجیلی ناسراو بە لۆقا دەڵێ ناوی «یەهودای ئەسخەریوتی»یە.

ئینجیلەکانی مەتتا و مەرقۆس زۆر بە دوور و درێژی باس لە ئاوهەڵکێشانی (غسل تعمید) عیسا بە دەستی یەحیا دەکەن [ئینجیلی مەتتا بەشی سێهەم، ئایەتی ١٣-١٦و ئینجیلی مەرقۆسە بەشی یەکەم، ئایەتی٩] بەڵام ئینجیلی لۆقا بەپانەوە دەڵێ ئەو دەم یەحیا لە گرتوخانەدا بوە و عیسا بە بێ ئەو لە ئاو هەڵکێشراوە [ئینجیلی لۆقا بەشی سێهەم، ئایەتی ١٣- ١٦].

ئینجیلەکان زۆر بە تێروتەسەلی دەگێڕنەوە، کە دوای ئەوی عیسا لە ناوچەکان مۆعزەی کرد، بە چ شان شەوکەتێکی زۆرەوە هاتە ناو ئورشەلیم . بەڵام هەر لەم باسەشدا جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان ئینجیل نووسەکاندا هەیە. مەتتا دەڵێ:«ئەو رۆژەی کە عیسا گەیشتە ناو ئورشەلیم، هێشتا چوار رۆژی بۆ «جێژنی تێپەڕبوون» مابوو. بەڵام یوحەننا دەڵێ پێنج رۆژ، یوحەننا دەڵێ عیسا بە سواری کەرێکەوە هاتە ناو ئورشەلیم، بەڵام مەتتا بە سواری دوو کەر دەیهێنێتە ناو شار. [ئینجیلی مەتتا بەشی ٢١، ئایەتی٧].[3]

ئەم جیاوازی و ناکۆکیانەی ناو ئینجیلەکان درێژەی هەیە وجۆری قۆلبەستکردن، ئازار و ئەشکەنجەدان و هەستانەوەی عیساش دەگرێتەوە.

[3] . "ماکەر و جاشەکەیان هێنا، کراسەکانی خۆیان لەسەر پشتی راخست، جا عیسا سواری بوو." ئینجیلی مەتتا بەشی ٢١، ئایەتی٧، ئینجیل بە زمانی کوردی.

ئینجیلنووسەکان دەڵێن هاوکات دوو خراپەکاریش لەملاولای مەسیحەوە لە خاج دران. ئەم دووانە کێ بوون؟ چ ئاینێکیان هەبوو؟ چۆن لە بەرامبەر مەسیحدا جولانەوە؟

لۆقا دەڵێ یەکێك لەو دووانە جنێوی بە مەسیح دەدا و ئەوی دیکەیان پیرۆزبایی لێدەکرد و تەنانەت خواعافوویی‌شی لێدەخواست. [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٣، ئایەتی ٣٩-٤٢].

دەڵێن مەسیح سێ رۆژ پاش گیاندەرچوون زیندوو بووەوە و چەند کەسێك دیتوویانە. ئەمانە کێ بوون؟ لە ئینجیلی یوحەننادا هاتووە کە عیسا سەرەتا لە لای «مریەمی مەجدەلی» و پاشان قوتابیەکانی دەرکەوت، گۆیا تەنیا «تۆماس» لەوێ نەبوە [ئینجیلی یوحەننا بەشی ٢٠، ئایەتی ١٤-٢٤]. بەڵام ئینجیلی لۆقا شتێکی‌تر دەگێڕێتەوە و دەڵێ عیسا سەرەتا لە لای دوو کەسی نەناسراو کە یەکێکیان «کلیوپاس»ی ناو بووە، پاشان لە لای یازدە کەس لە قوتابیەکانی دەرکەوت [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٤، ئایەتی ١٣-٣٦]. ناوبردنی ئەم یانزە کەسە ئەوە دەگەیەنێ کە تۆماسیش لە گەڵ بووە. چونکا ئینجیلەکان بۆخۆیان گێڕاویانەتەوە کە «یەهودا» (قوتابی ژمارە١٢) پێشتر خۆی هەڵواسیوە. «مەرقۆس»یش بە جۆرێکی تایبەت بە خۆی ئەم حکایەتە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: عیسا سەرەتا لە لای «مریەمی مەجدەلی»، پاشان دوو کەس لە قوتابییەکان و دواتر یانزە کەس لە قوتابییەکانی دەرکەوت. [ئینجیلی مەرقۆس بەشی ١٦، ئایەتی ٩-١٤]. ئینجیلی مەتتاش بە ڕێگایەکی دیکەدا دەچی و دەڵێ: عیسا سەرەتا لە لای «مریەمی مەجدەلی» و مریەمێکی‌تر دەرکەوتووە و بومەلەرزەیەکی گەورە رووی داوە! [ئینجیلی مەتتا بەشی ٢٨، ئایەتی ١-٩]. ئێستا جا وەرە سەرەداوی راستییەکان لە ناو ئەو کەلافە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەدا بدۆزەرەوە کە بۆ خەڵکیان تێکئالاندووە.

زانا ئاینییەکان و مێژووناسان لەو بڕوایەدان کە ئینجیلی ناسراو بە لۆقا لە بابەت گێڕانەوەی روداوەکان لەوانی‌تر گەلێک بەهێزترە و متمانەی زیاتریشی پێدەکرێ. ئێستا



با بزانین ئەم ئینجیلە بەشێك لەو روداوانە بە مەبەستی وەرگرتنی چ ئەنجامێك دەگێڕێتەوە.

ئینجیلی «لۆقا» لە بەشی بیست و دوو بەولاوە چۆنیەتی دەستبەسەر کردن و جەزرەبەدانی عیسا دەگێڕێتەوە. لەم گێڕانەوەدا خاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە هەموو خەڵك لە پاڵ عیسادا بوون و تەنیا چەند کەسێك خوازیاری کوشتنی بوون «سەرۆك کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت کەڵکەڵەی چونیەتی کوشتنی عیسایان لەسەردا بوو، چونکا لە "ئاژاوەی" گەل دەترسان» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٢]. هەر ئەم ئینجیلە تۆزیك پێشتر دان بەوەدا دەنێ کە: «خەڵکی بەیانی زوو دەهاتن بۆ پەرستگا تا گوێ بۆ قسەکانی عیسا رادێرن» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢١، ئایەتی ٣٨]. هەر ئەم ئینجیلە دەڵێ:«شەیتان دەچیتە بنکڵێشەی یەهوداوە، ... دەچێتە لای سەرۆك کاهینەکان و پاسەوانانی پەرستگا قسەیان لەگەڵدا دەکات کە چۆن عیسا بدا بە دەستیانەوە .... ئەمەیان زۆر بەدڵ دەبێ، بڕیار دەدەن هەندێ پارەی بدەنێ. ئەویش بەمە رازی دەبێ و چاوەڕێی هەلێك دەکات عیسا بە دەستەوە بدات بە بێ ئەوەی خەڵك پێی بزانن» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٣-٦]. بەڵام هەر ئەم ئینجیلە کەمێك دواتر قسەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوە و بەمجۆرە شێوەی دەسگیرکردنی عیسا دەگێڕێتەوە: «لەو کاتەدا کە عیسا دەدوا چەند پیاوێك بەرەو رووی هاتن، یەهودا کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی، پێشیان کەوتبوو، لە عیسا هاتە پێشەوە تاکو ماچی بکات. عیسا پێی‌وت:( ئەی یەهودا بە ماچ رۆڵەی مرۆڤ دەدەی بەدەستەوە)» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٤٧-٤٨] «ئێنجا سەربازە پاسەوانەکان عیسایان گرت و بردیان بۆ کۆشکی سەرۆك کاهین. پەترۆسیش دوور بە دوور دوایان کەوت» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٥٤]. بەم ئاوایە بەدزیی خەڵکەوە نەگیراوە و نەدراوەتە دەست کاربەدەستان، بەڵکو بە پێچەوانە خەڵکەکە بۆخوی و بە دەستی خۆی ئەمەی کردووە.

عیسا پاش لێپرسینەوەی سەرەتایی لە لایەن گەورەی کاهینەکانەوە بەرەو لای «پۆنتیوس پیلاتۆس»ی رومی و حاکمی ئەوکاتەی فەلەستین، راپێچ دەکرێ. حاکم

دوای چەند پرسیارێك تێدەگات کە عیسا هیچی لەسەر نیە، ئەمجار روو دەکاتە سەرۆك کاهینەکان و خەڵکەکە و دەڵێ:"من هیچ گوناحێك لەم کابرایەدا نابینم، ئەوان پێیان داگرت و وتیان:«ئەم کابرایە گەل دەوروژێنێ، لە هەموو ناوچەی یەهودیادا، هەر لە جەلیلەوە تا ئێرە خەریکی فێرکردن و هاندانی خەڵکە» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٣، ئایەتی ٤-٥]. کاتێ پۆنتیوس پیلاتۆس دەیەویست عیسا بەر بدات،" بەڵام خەڵکەکە هاواریان کرد بیکوژە"[ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٣، ئایەتی ١٨]. پیلاتۆس جەندجار هەوڵی ئەوەی داوە ڕای خەڵکەکە لە دژی عیسا بگۆڕێ، بەڵام هەموو جارێك خەڵك هاواریان کردووە، "بیکوژە، لە خاچی بدە"

ئاخر ئەمە چۆن وا دەبێ! ڕۆژێك پێشتر خەڵك هاتوونەتە پەرستگە تا گوێ بۆ عیسا رادێرن، کەچی هەر لەو کاتەشدا گەورەی کاهنەکان و مامۆستایانی شەریعەت بە مەقاشی «یەهودا» کەتنی گرتنەکەی، ئەویش بە دزی خەڵکەوە دەگێڕن! لەپڕێکیشدا تۆزێك واوەتر هەموو خەڵك لە دژی رابپەڕن و داوای کوشتنی بکەن!؟

ئەوەی ئینجیلەکان دەیگێڕنەوە، دەردەکەوێ کە عیسا بۆخۆشی هەڵسوکەوتێکی زۆر سەیروسەمەرەی هەیە. بۆ نمونە ڕۆژێك بەر لە قۆڵبەستکردنەکەی روو لە قوتابییەکانی دەکات و دەڵێ:«بەڵام ئێستا ئەوەی جزدانی پارەی هەیە، با بیبات لە گەڵ خۆی، هەروەها ئەوەی توورەکەی هەیە با بیبات لە گەڵ خۆی، ئەوەش شمشێری نییە، با جلەکانی بفرۆشێت و بە پارەکەی شمشێرێکی پێ بکڕێ» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٣٦]. تەنانەت قوتابییەکانشی پێشتر دەیانزانی کە چەك پێویستە. « ئەوسا پێیان وت "گەورەم ئەوەتا دوو شمشێر لێرە هەیە" ئەویش پێی‌وتن ئەمە بەسە" [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٣٨] بە رواڵەت هەموو شتێك ئاشکرا و روونە، عیسا بڕیاری داوە خۆی بەدەستەوە نەدا و بەربەرەکانێ بکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا خۆی بەمجۆرە ئەدا بە دەستەوە:«کاتێ ئەوانەی دەوروپشتی عیسا زانیان بەوەی خەریکە شتێك روودەدات، وتیان " گەورەم دەست بکەینە شمشێر وەشاندن؟"هەر لەوێدا یەکێکیان شمشێری وەشاند و گوێی راستی پیاوێکی سەرۆك کاهینی بڕی. عیسا فەرمانی دا و وتی:"



دەست هەڵگرن، راوەستن" ئێنجا دەستی هێنا بە گوێی کابرادا و چاکی کردەوە. ئەو کۆمەڵەی هاتبوونە سەر عیسا، بریتی بوون لە سەرۆك کاهینەکان و پاسەوانانی پەرستگا و پیران، عیسا پێی‌وتن: " خۆ من یاخی نیم ئەوها بە شمشێر و دارەوە هاتوونەتە سەرم، هەموو ڕۆژێك لە پەرستگادا لەگەڵتان بووم، کەچی کەستان دەستان بۆ نەبردم» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢، ئایەتی ٤٩-٥٢].

مەگەر عیسا بۆخۆی نەیوتبوو شمشێر بکڕن؟ باشە شمشێری بۆچی بوو؟ پێناچێ بۆ شوتی لەتکردن بووبێ. باشە ئەو دەمی کە لێی دەپرسن شمشێر بوەشێنین، بۆچی کەمێك دۆشدادەمێنێ هەتا یەك لە کەسەکانی گوێی کابرایەك دەبڕێ، ئەمجار دەڵێ دەست راگرن؟ کاتێ بۆخۆی فەرمویەتی شمشێر بکڕن، ئیتر دەست راگرتن چ مانایەکی هەیە؟

لەسەرجەمی ئەم حکایەتانەدا دوو شتی سەیری دیکەش وەبەرچاو دەکەوێ. لەو گۆڵمەزەدا گوێی پیاوی سەرکردەی کاهینەکان دەبڕدرێ، عیسا خێرا و کوتوپڕ بە بەر چاوی ژمارەیەکی زۆرەوە و بە تەبەروکی دەستی گوێی کابرا چاك دەکاتەوە. کەچی خەڵکەکە نەك هەر ئەم مۆعجزەیان پێ سەیر نابێ، بەڵکو خێرا پڕی دەدەنێ و قۆلبەستیشی دەکەن و بەرەو ماڵی سەرۆکی کاهینەکان پێش خۆی دەدەن. هەر لەو حاڵەدا کەس گوێ ناداتە کابرای گوێبڕ و کەس بۆی ناگەڕێ و نایگرن، وەك بڵێی هیچ بەرنگارییەکی نەکردبێ!

پێشهاتەکان لە ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، لەوەش لێڵ و تەماوییتره. با بزانین لێرەدا چۆن باسی ناپاکی «یەهودا» دەکرێ.

دەبێ خەیانەتی یەهودا چی بوبێ؟ یەهودا دەبوا بە بەرچاوی ژمارەیەکی زۆرەوە عیسا ماچ بکات و بەمجۆرە بە کاربەدەستانی بناسێنێ. لەمەڕا دەردەکەوێ کە هیچ کەس لە ئورشەلیمدا عیسای نەناسیوە، بۆیە ناچار بوون پارەیەکی مۆڵ(٣٠دیناری زیبو)ی پێ بدەن هەتا عیسایان بداتە دەست.

لێرەشدا کاکی ئینجیل نووس قسەکانی پێشوتری خۆی لە بیر چۆتەوە، لە بیری چۆتەوە کە پێشتر وتبوی، عیسا سێ ساڵی رەبەق بە پێ هەموو وڵاتە گچکەکەی فەلەستینی تەقاندۆتەوە و بە ئاشکرا مۆعزەی کردووە و خەڵکیش کونا و کون شوێنی کەوتوون و گوێیان بۆ رادێراوە. هەموو ئینجیلەکان باس لە گەیشتنی سەرکەوتووانەی عیسا بە ئورشەلیم دەکەن. جا بە سواری کەرێك یان دوو کەر بێ فەرق ناکا. وتوویانە: کۆڵانەکان جمەی دەهات، خەڵك بەرەو پیری دەچون.«ماکەر و جاشەکەیان هێنا، کراسەکانی خۆیان لەسەر پشتی راخست، جا عیسا سواری بوو. خەڵکێکی زۆر جلەکانیان لەسەر رێگاکەی رادەخست. ئەوانی دیکەش لقە داریان دەبڕی و ریگاکەیان پێ رادەخست. ئەو خەڵکەی پێش عیسا کەوتبوون، هەروەها ئەو خەڵکەش کە لە دوایەوەی دەرۆیشتن هاواریان دەکرد، دەیان وت (هۆسانا بۆ رۆڵەی داود، پیرۆزە ئەوەی بە ناوی خوداوەندەوە دێت، هۆسانا لە بەرزایی!) کاتێ عیسا چووە ناو قودس، هەموو شارەکە خرۆشا، دانیشتوانی پرسیان: (ئەمە کێیە؟) خەڵکەکە وڵامیان دایەوە: (ئەمە عیسای پێغەمبەرە، خەڵکی شاری ناسیرەی ناوچەی جەلیلە.) [ئینجیلی مەتتا بەشی ٢١، ئایەتی ٨-١١]. پاش  ئەمانەش هەموو رۆژێك لە پەرستگەدا مۆعزەی بۆ خەڵکێکی زۆر کردووە. ئەگەر وا بێ، دەبێ هەموو کەس لە ئورشەلیم ناسیبێتیان. سەیرە، ئێستا دەڵێن کەس ئەوی نەدەناسی و بە بێ دەسکیسی یەهودا نەدەناسرا و قۆڵبەست نەدەکرا!

نووسەرانی ئینجیلەکان تەنانەت لەو کاتانەشدا کە باسی بیر و روانگە و گوتارە پێوەلکێندراوەکان بە عیسا دەکەن، قسەکانیان لێکجیاوازە و یەکتر ناگرنەوە. چەند نمونەیەک لەوانە دەهێنینەوە.

لە ئینجیلی ناسراو بە مەتتادا هاتووە، رۆژێك یەکێ لە قوتابییەکانی عیسا بە ناوی پەترۆس لێی دەپرسێ «گەورەم، دەبێ چەند جار لە براکەم خۆشبم، کاتێ هەڵەم بەرامبەر دەکات؟ تا حەوت جار؟ عیسا لە وڵامی دایەوە: من ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەرەت حەوت جار»[ئینجیلی مەتتا بەشی ١٨، ئایەتی ٢١-٢٢]. لە زۆر ئایەتی



دیکەشدا باسی بەزەیی، دڵکراوەیی، ئەوین و لێبوردەیی لە بەرامبەر سوکایەتی پێکردندا کراوە. بەڵام ئەمەش ئایەتێك، کە هیچ بۆنێکی لە بەزەیی و دڵکراوەیی لێ نایەت «رۆڵەی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، تا هەموو بەدکار و ئەوانەی خراپەکارن لە پادشاهێتیەکەی دەربکەن. ئێنجا دەیانخەنە ناو تەنووری گڕدار، جا لەوێ دەبێ بە گریان و چرکەچرکی ددان» [ئینجیلی مەتتا بەشی ١٣، ئایەتی ٤١-٤٢]. ئەمەش ئایەتێکی‌تر کە لە ئینجیلی ناسراو بە لۆقا دەرمانهێناوە. ئەم ئایەتە باسی ئەوە دەکات، کە عیسا هەرکات قوتابییەکانی بۆ مۆعزە و بڵاوکردنەوەی دینەکەی دەنارده شار و شوینانی‌تر رێباز و شێوەی هەڵسوکەوتیشی بۆ دیاری دەکردن. « لە هەر شارێك خەڵکەکەی نەیانویستن بڕۆنە سەر شەقامەکانی و بڵێن: "وا ئێمە تەنانەت تۆزی شارەکەتان کە بە پێمانەوەیە دەیتەکێنینەوە بەسەرتان، بەڵام ئەوە بزانن پادشاهێتی خودا نزیك بۆتەوە." من پێتان دەڵێم :" شاری سەدوم[4] لە رۆژی دواییدا ناخۆشی و ئازاری کەمترە لەو شارانەی کە ئێوەی لێ دەردەکرێن.[ئینجیلی لۆقا بەشی ١٠، ئایەتی ١٠-١٢]. جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە بە پێی کتێبی «پەیمانی کۆن» هەموو دانیشتوانی شاری سدوم جگە لە خاوخێزانی لووت بە تێکڕا لەبەر تاوانەکانیان بە زیندوویەتی لە ئاوردا سوتێندران. کەوابوو دەبێ دانیشتوانی ئەو شارانەی کە قوتابییەکانی عیسایان وەخۆ نەدەگرت دەبێ خۆیان بۆ چارەنووسێکی گەلێك تاڵتر و دژوارتر، لەوەی بەسەر ئەو شارەدا هات، ئامادە بکەن.  ئەم دەربڕینە پێش بە لۆقا ناگرێ، کە لە زمانی عیساوە ئەم رێنوێنییە رابگەیەنێ «بەبەزەیی بن، هەر وەك چۆن باوکتان بەبەزەییە» [ئینجیلی لۆقا بەشی ٦، ئایەتی ٣٦].

[4] . سەدوم. لە سەردەمی پێغەمبەر لووت، دانیشتوانی شاری سەدوم هەموو خراپەکار بوون، بۆیە بەر رقی خوا کەوتن، تەنیا حەزرەتی لووت و دوو کچەکەی رزگاریان بوو. سەدوم بوو بە نمونەی ئەو شارانەی خراپەکاریان زۆرە. (ئەم روونکردنەوەیەم لە کتێبی ئینجیل بە کوردی لاپەڕەی ٦١٤ وەرگرتووە. وەرگێڕ)

بۆ دیاریکردنی رادەی جیاوازی و ناکۆکییەکانی ناو ئینجیل، پێویستە هەموو لاپەڕەکان بەسەر بکرێتەوە، چونکا پەڕەیەك نیە لێی بێ بەش بێت. کەوابوو ئینجیلەکان سەرچاوەیەکی بێ خەوش و جێگای بڕوا و متمانە نین. بەهەرحال ئێمە لێکدانەوەکانی خۆمان درێژە پێ دەدەین.

کۆتایی بەشی دووهەم